# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٧) سالّی بیست وچوار ٧ ئادار ٢٠٢٤زایینیی ١٧ ڕەشەمێ ٢٧٢٣ کوردی ٢٦ شەعبان ١٤٤٥ کۆچی

# 317



**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٥٠)ی سالّی ٢٠٢٤** لا ١

دیاریکردنی رۆژی ٢٠٢٤/٦/١٠ بە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلّایەتی** لا ٢

ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلّایەتی** لا ١٨

سندوقی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە بالّایان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** لا ٢٠

ڕێنمایی میکانیزم و مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** لا ٢٣

نەشتەرگەری درێژ کردنەوەی ئێسک و درێژ کردنەوەی بالّا لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** لا ٢٥

ڕێنمایی ڕێکخستنی دابینکردنی جلی دسپۆزەبلّی نەخۆش

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٢٨

هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٢٩

ڕێنمایی فراوانکردن گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٣٢

هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی خوێندنی بالّا وتوێژینەوەی زانستی** لا ٣٣

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی خوێندنی بالّا وتوێژینەوەی زانستی** لا ٣٤

**بەیانی ژمارە (١ و ٢ و ٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٣٥

**بەیانی ژمارە (٤ - ٥ - ٦ - ٧)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** لا ٣٨

**بەیانی ژمارە (٢ و ٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلّایەتی** لا ٣٩



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - بالّەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٧) السنة رابعة وعشرون ٧ أذار ٢٠٢٤ م. ١٧ ڕەشەمێ ٢٧٢٣ ک. ٢٦ شعبان ١٤٤٥ هـ.

317

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**مرسوم إقليمي رقم (٥٠) لسنة ٢٠٢٤** ٤٠

يحدد يوم ٢٠٢٤/٦/١٠ موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان - العراق لدورته السادسة


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٢ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٨ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٢٠ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٢٣ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٢٥ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٨ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٩ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٢ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٣٣ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٣٤ |
| بيان رقم (١ و ٢ و ٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٥ |
| بيان رقم (٤ - ٥ - ٦ - ٧) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٣٨ |
| بيان رقم (٢ و ٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٩ |


No. 317 Date: March 7, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

## فەرمانی هەرێمی
## ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٤

پاڵپشت بە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** دیاریکردنی رۆژی ٢٠٢٤/٦/١٠ بە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە.

**سێیەم:** ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٣ / ٣ /٢٠٢٤**

**وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١١٤٥ لە ٢٠٢٤/٢/١٤**

پاڵپشت بە حوكمەكانی یاسای كاری بەركار لە هەرێمی كوردستان – عێراق ، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٢٥) لە ٢٠٢٤/١/٣١، و بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارمان دا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی كاركردنی كرێكاری بیانی لە هەرێمی كوردستان-عێراق**

## بەشی یەكەم

## پێناسەكان

**ماددەی (١) :**

مەبەست لەو زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەكانی ئەم ڕێنماییە:

**یەكەم: هەرێم:** هەرێمی كوردستان- عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی كار و بیمی كۆمەڵایەتی.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی كار:** بەڕێوەبەرایەتی كاری پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان لە هەرێم.

**شەشەم: كرێكاری بیانی:** هەر كەسێكی سروشتی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت، كار بكات یان ئارەزووی كاركردنی هەبێت لە هەرێم بە سیفەتی كرێكار.

**حەوتەم: كار:** هەر چالاكییەك كرێكارێك ئەنجامی بدات بەرامبەر كرێیەك بەشێوەیەكی بەردەوام یان كاتی.

**هەشتەم: مۆڵەتی كاركردن:** ڕێگەپێدانێكی فەرمیی ساڵانەیە كە وەزارەت دەری دەكات بە مەبەستی كاركردنی كرێكاری بیانی لە هەرێم لە بەرامبەر بڕە پارەیەك كە لە پاشكۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچدا هاتووە.

**نۆیەم: كۆمپانیای هێنانی كرێكاری بیانی:** هەر كۆمپانیایەك تۆماركراو بێت لە هەرێمی كوردستان بەپێی یاسا بەركارەكان و لەلایەن وەزارەتەوە مۆڵەتی هێنانی كرێكاری بیانی پێ درا بێت.

**دەیەم: مۆڵەتی هێنانی كرێكاری بیانی:** ئەو مۆڵەتەیە لەلایەن وەزارەتەوە دەدرێت بە كۆمپانیایەك بە مەبەستی هێنانی دەستی كاری بیانی بۆ هەرێم.

**یازدەم: خاوەنكار یان خاوەن پرۆژە:** كەسێكی سروشتی یا مەعنەوییە، كرێكارێك یان زیاتر دەخاتە سەر كار بەرامبەر كرێیەك كە پێی دەدات.

**دوازدەم: لیستی ڕەش:** ئەو لیستەیە هەر كەسێكی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بە هۆی ئەنجامدانی ئەو سەرپێچییانەی لەم ڕێنماییەدا دیاری كراون.

**سێزدەیەم: گرێبەستی کارکردن:** ڕێککەوتنێکی نووسراوە کە کرێکار بەهۆیەوە لە ژێر بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردن و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی خاوەن کاردا بەرامبەر کرێیەک کارێک یان خزمەتێک ئەنجام بدات.

**چواردەم: کاری ناوماڵ:** ئەو کارەی لە ناو ماڵدا ئەنجام دەدرێت، کە بە سروشتی خۆی دەکرێت کەسانی ناو خێزان خۆیان ئەنجامی بدەن.

**پازدەم: خاوەن ماڵ:** هەر کەسێکی سروشتی، کرێکارێک بەکار بهێنێت لە ماڵەوە بەرامبەر بە کرێیەک.

**شازدەم: کرێکاری ناوماڵ:** هەر کرێکارێک کاری ناوماڵ ئەنجام بدات لە چوارچێوەی گرێبەستی کار، بەرامبەر کرێیەک.

**بەشی دووەم**

## ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی کار بە کرێکاری بیانی

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم:** هیچ کە سێکی بیانی، بە هیچ شێوەیەک، چ کاتی چ ڕۆژانە، چ بە گرێبە ست یان هەر شێوازێکی تر، بۆی نییە لە هەرێم کار بکات بێ هەبوونی مۆڵەتی کاریی پێشوەخت.

**دووەم:** هیچ خاوەنکارێک بۆی نییە کار بە هیچ کرێکارێکی بیانی بکات ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی لە وەزارەت وەرنەگرتبێت.

**سێیەم:** کەسی بیانی بە ڤیزەی سەردان دێتە هەرێم و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لە وەزارەت، ئەوا بەپێی ڕێنمایی ڤیزەی بەرکار نشینگەی پێ دەدرێت بە مەبەستی کارکردن دوای جێبەجێکردنی گشت ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییەدا هاتوون.

**چوارەم:** پێدانی مۆڵەتی کارکردن ڕاستەوخۆ بە کرێکاری بیانی بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

١- پێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن کەسی بیانی بە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند و پشتگیری خاوەنکار لە داواکارییەکەی.

٢- دەبێت کرێکاری بیانی بەشێوەیەکی فەرمی هاتبێتە هەرێم وماوەی یاسایی ڤیزەی بەسەر نەچوو بێت

٣- پێویستە خاوەنکار بیسەلمێنێت کە پێویستی بەم کرێکارە بیانییە هەیە و پێشتر بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ دەرفەتی کارەکە و وەسفی وەزیفیی لە پێگەی فەرمیی ئەلیکترۆنیی وەزارەت بڵاوکردبێتەوە و هیچ کرێکارێکی خۆماڵی، لە ڕێگای ئەم ماڵپەرەوە بۆ ئەم هەلی کارە، داواکاری پێشکەش نەکردبێت یان بە شیاو نەزانرابێت. ئەم خاڵە کرێکاری ناوماڵ ناگرێتەوە.

٤- پێویستە خاوەنکار بیسەلمێنێت کە هیچ کرێکارێکی خۆماڵی شیاوی کارکردنی نەبووە لەم ماوەیە بەپێی ئەو وەسفە وەزیفییەی لە خاڵی (٣)ی ئەم برگەیەدا دیاری کراوە.

٥- خاوەنکار بەڵێننامە پێشکەش بکات کە دەستەبەری تەواوی کرێکارە بیانییەکە دەکات، لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند.

٦- خاوەنکار بڕێک بارمتە دابنێت کە لە پاشکۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.
٧- بەڕێوەبەرایەتی کار لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژی کاردا وەڵامی داواکارییەکە دەداتەوە، پاش بەسەرچوونی ماوەی هاتوو لە خاڵی (٣)ی ئەم بڕگەیە.
٨- پێویستە خاوەنکار، پاکانەی باج وئەستۆپاکیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هاوپێچ بکات لەگەڵ داواکارییەکەی.

**پێنجەم:** پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە کرێکاری بیانی لە ڕێگای کۆمپانیا بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:
١- پێشکەشکردنی داواکاریی پێدانی مۆڵەتی کارکردن، لەلایەن کۆمپانیا بە ناوی کارمەندەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند.
٢- پێویستە ئەم کۆمپانیایە بە شێوەیەکی فەرمی لە هەرێم لەلایەن تۆمارکاری کۆمپانیاکان تۆمارکرا بێت بە گوێرەی یاسای کۆمپانیاکان.
٣- دانانی بڕێک پارە بە دیناری عێراقی بە شێوەی نەختینەیی، لە ئەژمێری وەزارەت لە یەکێک لە بانکە حکومییەکان، وەک بارمتە (تأمينات) وەک لەپاشکۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.
٤- پێویستە پێش داواکردنی مۆڵەتی کار بۆ کرێکاری بیانی، ئەم هەلی کارە و وەسفی وەزیفییە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە پێگەی فەرمیی ئەلیکترۆنیی وەزارەت بانگهێشتی بۆ کرابێت و هیچ کرێکارێکی خۆماڵی ئارەزووی کارکردنی پێشکەش نەکردبێت یان بە شیاو نەزانرابێت.
٥- پێویستە کۆمپانیا بیسەلمێنێت کە هیچ کرێکارێکی خۆماڵی شیاوی کارکردنی نەبووە لەم ماوەیە بەپێی ئەو وەسفە وەزیفییەی لە خاڵی (٤)ی سەرەوەدا دیاری کراوە.
٦- بەڕێوەبەرایەتی کار لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژی کاردا وەڵامی داواکارییەکە دەداتەوە پاش بەسەرچوونی ماوەی دەستنیشانکراو لە خاڵی (٤)ی ئەم بڕگەیە.
٧- لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری، کۆمپانیا دەتوانێت تانە لە بڕیارەکە بدات بە گوێرەی ڕێکارەکانی دادوەریی کارگێڕیی هاتوو لە یاسای بەرکاری ئەنجومەنی شوورای هەرێم.
٨- پێویستە کۆمپانیا، پاکانەی باج و ئەستۆپاکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هاوپێچ بکات لەگەڵ داواکارییەکەی.
٩- پێویستە گرێبەستێکی نووسراو هەبێت لە نێوان ئەو کۆمپانیایەی داوای هێنانی دەستی کاری بیانی دەکات وکرێکار، و ماوەی پاسپۆرتی کرێکاری بیانی لە ماوەی گرێبەستەکە زیاتر بێت.
١٠-دوای جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ئەم بڕگەیە و ڕەزامەندییدان بە هێنانی کرێکاری بیانی لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنیی پێدانی ڤیزە، داواکاریی پێدانی ڤیزە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بەپێی ڕێنمایی پێدانی ڤیزە ونشینگەی بەرکار.
١١-لە کاتی نوێکردنەوەی گرێبەستی کرێکاری بیانی، ئەگەر ماوەی پاسپۆرتەکەی ڕێگا نەدات بۆ نوێکردنەوەی نشینگە ئەوا پێویستە پاسپۆرتەکەی نوێ بکاتەوە و دەکەوێتەوە ئەستۆی کۆمپانیا یان دیپۆرتی وڵاتی خۆی بکرێتەوە.

**شــەشــەم:** پێویســتە ڕێژەی کرێکاری خومالّی لە هەر کۆمپانیایەک لە (٧٥%) ســەدا حەفتا و پێنج کەمتر نەبێت بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**حەوتەم:** کۆمپانیای هێنانی دەستی کاری بیانی بۆی هەیە کرێکاری خۆمالّی بەکاربخات بە سـپۆنسـەری خاوەنکارێك بەپێی یاسـای کاری بەرکار پێویسـتە لە مولّەتی کارکردنی کۆمپانیادا ئەم بڕگەیە بە ڕوونی دیاری بکرێت.

**هەشــتەم:** کۆمپانیای هێنانی دەســتی کاری بیانی دەتوانێت کرێکاری بیانی یان خۆمالّی بە کرێی ڕۆژانە بەکاربخات بە مەرجێك خودی کۆمپانیا ســپۆنســەری بێت و بە ڕوونی لە مولّەتی کارکردنی کۆمپانیادا دیاری بکرێت.

**ماددەی (٣) :**

پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە کرێکاری بیانی ( جگە لە کرێکاری ناومالّ ) پاش جێبەجێکردنی گشــت مەرجەکان و بەپێی ئەم خالّبەندییەی هاتوو لە پاشکۆی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

## بەشی سێیەم
## مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی دەستی کار

**ماددەی (٤) :**

**یەکەم:** مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی دەســتی کار لەلایەن وەزیر یان هەر کەســێکی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک لەلایەن کۆمپانیای هێنانی دەستی کار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و بیمی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەت.

٢- هاوپێچکردنی کۆنووس و بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشــتی کار و بیمی کۆمەڵایەتی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆ، وەڵامی داواکاری دامەزراندن دەداتەوە و بەپێی نووسـراوێکی فەرمی ئاڕاسـتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەکرێت.

٤- دانانی بڕێک پارە بە دیناری عێراقی بەرامبەر بە پێدانی مۆڵەتی کارکردن لەلایەن کۆمپانیا کە لە پاشکۆی ژمارە ٢ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە وەك بارمتە (تأمینات).

٥- کۆمپانیای دەســتی کار، تەنها دەتوانێت لەو پارێزگا یان ئیدارە ســەربەخۆیە چالاکی خۆی ئەنجام بدات کە بارەگای سەرەکی لێیە و ناتوانێت لە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆیەکی تر لقی هەبێت.

٦- پێویستە کۆمپانیا بارەگای تایبەتی خۆی هەبێت.

٧- ئەنجامدانی پشـکنین (کشــف) بۆ بارەگای کۆمپانیا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند دەبێت و تێچووی ئەم پشــکنینە دەکەوێتە ئەســتۆی کۆمپانیا کە بڕەکەی لە پاشکۆی ژمارە ٢ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

٨- هاوپێچکردنی گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کۆمپانیا.

**دووەم:** مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا بۆ ( ١ ) یەک ســاڵ دەبێت و ســاڵانە نویێ دەکرێتەوە بە هە مان مەرجەکان ، بەرامبەر برێک پارە کە لە پاشکۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

**سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی دەستی کار:**

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی دەستی کاری بیانی هەڵدەوەشێتەوە و فەرمانێکی وەزاری بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت:

١- هەڵوەشاندنەوە لەسەر داواکاریی خاوەن کۆمپانیا:

أ- پێشــکەشــکردنی داواکارییەک لەلایەن خاوەن کۆمپانیا بە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند کە داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا بۆ هێنانی کرێکاری بیانی دەکات.

ب- پێویستە خاوەن کۆمپانیا گشت پابەندە داراییەکانی کۆمپانیاکەی جێبەجێ کردبێت.

ج-پێویستە کۆمپانیا هیچ کرێکارێکی بیانی لە ئەستۆدا نەمابێت.

٢- هەڵوەشاندنەوە بە بڕیاری دادگا.

٣- پاکتاوکردنی (تصفية)ی کۆمپانیا.

٤- نەبوونی چالاکی بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ.

**چوارەم:** لە کاتی هەڵوەشــاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا بە هەر هۆکارێک بێت، ئەو بڕە بارمتانەی کە لە وەزارەتی کار و کارو باری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ دایناون، بۆی دەگەڕێندرێتەوە ئەگەر هیچ داوایەکی یاسایی یان دارایی لەسەر نەبێت.

**پێنجەم:** کۆمپانیای هێنانی دەســتی کاری بیانی گەرەنتی کارکردنی کرێکاری بیانی دەکات لە ماوەی گرێبەســت و دوای تەواوبوونی گرێبەســت هیچ پابەندبوونی دارایی و یاســایی ناکەوێتە ئەســتۆ جگە لەو پابەندییانەی کە سرو شتییان وا دەخوازێت دوای تەواوبوونی گرێبە ستیش بەردەوام بن وەک پاراستنی نهێنییەکان.

## بەشی چوارەم
## کرێکاری بیانی ناوماڵ

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم:** کۆمپانیای هێنەر نووســراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کار دەکات ، تیایدا داوای پێدانی ڕەزامەندی دەکات لەسەر هێنانی کرێکاری ناوماڵ، ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەگەڵدا هاوپێچ دەکات:

١- وێنەیەک لە داواکاریی خاوەن ماڵ کەپێشــکەشــی کۆمپانیای کردووە. هەر داواکارییەک بەجیا پێشــکەش دەکرێت بەرامبەر کرێی کارگێڕی کە لە پاشــکۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

٢- هاوپێچکردنی ئۆفەری گرێبەستی ستاندەردی سەرەتایی کارکردن لە نێوان خاوەن ماڵ و کرێکاری بیانی ناوماڵ کە واژووی هەردوو لایەنی لەســەر بێت لەگەڵ واژووی کەســی ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا بە زمانی کوردی و عەرەبی، یان کوردی وئینگلیزی ، و ئەم گرێبەستە دەکرێت لە ڕێگای پۆست یان ئیمێل بۆ کرێکاری بیانی ڕەوانە دەکرێت لە وڵاتەکەی خۆی پێش هاتنی بە مەبەستی واژووکردنی.

٣- وێنەیەک لە سیڤی ( cv ) کرێکاری ناوماڵەکە کە تیایدا گشت زانیاری و لێهاتوویيەکانی ڕوون کرابنەوە.

**دووەم:** داواکاریی کۆمپانیا بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت بە مەبەستی پێدانی ڕەزامەندی کارکردن.

**سێیەم:** لە کاتی گەیشتنی کرێکاری بیانی بۆ ناو هەرێم، پێویستە کۆمپانیای هێنەر ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- دابینکردنی جێ و شوێنی گونجاو بۆ کرێکار و پێویستە وەزارەت پشکنین و بەدواداچوونی بۆ بکات.

٢- ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییە پێویستەکان بۆ کرێکارەکە لە یەکێک لە تاقیگە ناوەندییەکانی وەزارەتی تەندروستی. ئەگەر دەرکەوت کە کرێکارەکە نەخۆشییەکی درمی هەیە یاخود بوونی نیشانەکانی دووگیانی، پێویستە کۆمپانیاکە لە ماوەی (٤٨) چل و هەشت کاژێردا کرێکارەکە بگەڕێنێتەوە ئەو وڵاتەی لێی هێناوە.

٣- سەردانیکردنی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانی کرێکارەکە لە ماوەیەک کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی گەیشتنی.

٤- ڕادەستکردنی کرێکارەکە بە خاوەن ماڵ لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ڕۆژ دوای گەیشتنی بۆ هەرێم و دوای دڵنیابوون لە شایستەیی و ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییە پێویستەکان. نابێت بە هیچ شێوەیەک کۆمپانیا کرێکارەکە لای خۆی بهێڵێتەوە یان ڕادەستی کەسێکی دیکەی بکات.

٥- لە حاڵەتی نەگونجانی کرێکارەکە لەگەڵ ماڵەکە و گەڕاندنەوەی بۆ کۆمپانیا، و دوای (٣) سێ جار جێگۆڕکێ، پێویستە کۆمپانیای هێنەر بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی هێناوە. تێچووی گەڕانەوە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیا و دەبێت کۆمپانیا قەرەبووی خاوەن ماڵ بکاتەوە بە کرێکارێکی تر یان بە گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە وەریگرتووە بەرامبەر بە دابینکردنی کرێکاری ناو ماڵ، ئەگەر نەگونجانی کرێکارەکە لە ماوەی (٣) سێ مانگی تاقیکردنەوەی کرێکار بوو.

٦- کۆمپانیا بەرپرسە لە گەڕاندنەوەی تەرمی کرێکاری ناوماڵی بیانی لە کاتی کۆچی دواییکردنی یان کرێکارەکە لە کاتی تووشبوونی بە پێکان بە ڕێژەی (٧٥%) لە سەدا حەفتا و پێنج یان زیاتر. تێچووی گەڕاندنەوە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.

٧- لە ڕووی یاساییەوە گرێبەستی کارکردنی کرێکاری ناوماڵ لە نێوان خاوەن ماڵ وەک لایەنی یەکەم کۆمپانیا وکرێکار وەک لایەنی دووەم واژوو دەکرێت، وکۆمپانیا بەرپرس دەبێت لە دەستبەرکردنی کرێکاری ناوماڵ بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (٦) :**

**کرێکاری ناوماڵ ئەم پابەندییانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:**

**یەکەم:** ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خاوەن ماڵ پێی دەسپێرێت کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارەکەی و دژی بنچینە یاساییەکان و دابونەریتی گشتی نین.

**دووەم:** پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ماڵەی کە کاری تێدا دەکات، و پارێزگاریکردنی کەلوپەل و نهێنییەکانی ناو ماڵەکە، تەنانەت دوای دەست لە کار هەڵگرتنیش.

**سێیەم:** بەجێنەهێشتنی ماڵەکە لە کاتەکانی کارکردندا بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خاوەن ماڵ.

**چوارەم:** پابەندبوونی بە تەواوکردنی ماوەی گرێبەست جگە لەو حاڵەتەی کە بەپێی یاسا تەواوکردنی گرێبەست زەحمەتە یان ئەستەمە (مرهق أو مستحيل).

**ماددەی (٧) :**

**یەکەم:** خاوەن ماڵ پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەم ڕێکار و ئەرکانەی خوارەوە بەرامبەر بە کرێکاری ناوماڵ:

١- پێدانی کرێی مانگانەی کرێکارەکە ڕاستەوخۆ بەخۆی بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵیدا ئەنجامی داوە.

٢- لە حاڵەتی نەخۆشی یان ڕوودانی پێکان لە کاتی کارکردنیدا، گەیاندنی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە و پێڕاگەیاندنی ڕووداوەکە بە بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیا و نزیکترین بنکەی پۆلیس.

٣- لە شوێنی نیشتەجێبوون، بەردەوام یان کاتی، خۆی و خێزانەکەی ئەرکی پێ دەسپێرن و هیچ کەسێکی تر بۆی نییە فەرمانی کارکردنی پێ بدات.

٤- پێدانی مافەکانی لە پشووی هەفتانە و پشووە فەرمییەکان و مۆڵەتی ساڵانەی.

٥- بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و گشت پێداویستییە گونجاوەکان و مەرجەکانی کارکردنی بۆ دابین بکات. هەروەها گشت پێداویستییەکانی خودی کرێکارەکە لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاک دابین دەکات و تەرخانکردنی ژوورێکی تایبەتی گونجاو کە هۆکارەکانی حەوانەوە و نووستنی تێدا بێت.

٦- مانگانە (٢) دوو جار، خەرجیی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی کرێکارەکە دابین دەکات بە شێوەیەک کە هەر جارێک لە (٢٠) بیست خولەک کەمتر نەبێت بێ بەرامبەر و کرێکارەکە بۆی هەیە لەسەر خەرجی خۆی پەیوەندی زیاتریش بکات.

٧- خاوەن ماڵ بۆی نییە لە دەرەوەی ئەرکە دیاریکراوەکانی کرێکارەکە کاری پێ بکات.

٨- پێدانی مۆڵەتی ساڵانە بۆ سەردانکردنی وڵاتی خۆی بۆ ماوەی مانگێك بە کرێیەکی پێدراو (اجر كامل) و لە ئەستۆگرتنی تکێتی چوون و هاتن، ودەبێت کۆمپانیا گرەنتی گەڕانەوەی کرێکاری بیانی بکات دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی ساڵانەکەی بە پێچەوانەوە پێویستە لەسەر کۆمپانیا قەرەبووی خاوەن ماڵ بکاتەوە لەو ماوەیەی گرێبەستەکە کە دەمێنێتەوە،

**دووەم:** پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ، لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیا و نزیکترین بنکەی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی نشینگە، ئاگادار بکاتەوە لە حاڵەتی دیارنەمانی کرێکار یان ونبوونی، لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٢٤) بیست و چوار کاژێر، لە کاتی ئاگاداربوونەوەی لە ڕووداوەکە.

## بەشی پێنجەم
## گرێبەستی کارکردنی کرێکاری بیانی و کۆتاییهاتنی

**ماددەی (٨) :**

**یەکەم:** گرێبەستێکی کارکردنی ستاندەرد کە بە دوو زمان لە نێوان خاوەنکار/ خاوەن ماڵ و کرێکاری بیانی واژوو دەکرێت (کوردی و عەرەبی یان کوردی و ئینگلیزی)، لە هەموو حاڵەتەکان وێنەیەکی واژووکراو دەدرێتە کرێکار و لەکاتی هەبوونی ناکۆکی لە زمانی گرێبەست ئەوا کار بە زمانی کوردی دەکرێت.

**دووەم:** پێویستە کرێکاری بیانی کە داوای مۆڵەتی کارکردنی بۆ کراوە ئەو گرێبەستە واژوو بکات و ئاگادار بێت لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە و هاوپێچی داواکاریی مۆڵەتی کار بکرێت کە لە ماددەی (٢)ی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

**سێیەم:** ماوەی تاقیکردنەوە لە گرێبەستی کارکردن (٣) سێ مانگە لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لای خاوەنکار.

**چوارەم:** لە کاتی تێپەڕبوونی ماوەی تاقیکردنەوە، ئەگەر خاوەنکار و کرێکار ڕازی بوون لەسەر واژووکردنی گرێبەستی کۆتایی ئەوا ئەو گرێبەستە لە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند/ بەشی یاسایی پەسەند دەکرێت بەپێی یاسای دادنووسی بەرکار لە هەرێم و ئەو ماوەی (٣) سێ مانگەی تاقیکردنەوە بە ماوەی گرێبەست ئەژمار دەکرێت.

**پێنجەم:** گرێبەستی کارکردن لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نابێت و دەکرێت دوای کۆتاییهاتنی، ساڵانە نوێ بکرێتەوە تا ئەوپەڕی (٨) هەشت ساڵ.

**شەشەم:** پێویستە خاوەنکاری پێشوو پێش کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە بە (١) یەک مانگ ئامادە بێت لە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند بۆ تۆمارکردنی هەر مافێک ئەگەر لە ئەستۆی کرێکاری بیانی مابێت، بە پێچەوانەوە ناتوانێت ڕێگر بێت لە نوێکردنەوەی گرێبەستی کاری کەسی بیانی.

**حەوتەم:** لە حاڵەتی تۆمارکردنی هەر سکاڵایەک لەلایەن خاوەنکار یان کرێکار لە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند، تا کاتی یەکلاییکردنەوەی کێشەکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان نشینگەی کرێکاری بیانی نوێ دەکرێتەوە.

**هەشتەم:** ئەگەر گرێبەستی کار کۆتایی پێهات و هەر کام لە خاوەنکار یان کرێکار ئارەزووی نوێکردنەوەی نەبوو، کرێکار دەتوانێت کارێکی نوێ بدۆزێتەوە و گرێبەستی کار لەگەڵ خاوەنکارێکی نوێ واژوو بکات بەو مەرجەی هەمان ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی کار دووبارە بکاتەوە کە لە بەشی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**نۆیەم:** ئەگەر خاوەنکاری کرێکاری بیانی خرابێتە ناو لیستی بێبەشکراوان، ئەوا کرێکاری بیانی دەتوانێت گرێبەستی کاری نوێ واژوو بکات لەگەڵ خاوەنکارێکی نوێ، سروشتی یان مەعنەوی، دوای جێبەجێکردنی گشت ڕێنماییەکانی کار و نشینگە و ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی کار کە لە بەشی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**دەیەم:** گرێبەستی کارکردن لەم حاڵاتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:
١- بە تەواوبوونی ماوەکە و نوێنەکردنەوە.
٢- بە کۆچکردنی خاوەنکار و دەکرێت بەردەوام بێت و گرێبەست لەگەڵ وارسی شەرعی خاوەنکار ئەنجام بدات بۆ بەردەوامبوون لە کارەکەی.
٣- بە کۆچکردنی کرێکار.
٤- بە دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دادگا و حوکمکردنی کرێکار لە کەتنێک یان تاوانێک، بە مەرجێک ماوەی زیندانیکردنی لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت.
٥- لە کاتی جێهشتنی کرێکاری بیانی لە کارەکەی بۆ ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ زیاتر بێ پاساوی ڕەوا.
٦- لە کاتی پێنەدانی مووچەی مانگانەی کرێکاری بیانی لەلایەن خاوەنکار بۆ ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ زیاتر لە شایستەبوونی یان داواکردنی کرێکار دوای (٣٠) ڕۆژ لە کارکردن.
٧- لە کاتی جێبەجێنەکردنی خاڵەکانی (٥ یان ٦) لەلایەن خاوەنکار یان کرێکار ئەوا پێویستە لە ڕۆژی شەشەمدا بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند لە خاڵەکانی (٥ یان ٦) بە داواکارییەکی فەرمی ئاگادار بکرێتەوە، بە پێچەوانەوە گرێبەستەکە بە بەردەوامبوون ئەژمار دەکرێت تا کۆتاییهاتنی ماوەکەی.
٨- پێویستە لە کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەست لایەنی کەمتەرخەم تێچووی گەڕانەوەی کرێکاری بیانی بۆ وڵاتەکەی لە ئەستۆ بگرێت و ئەگەر کەمتەرخەمی لەلایەن کرێکاری بیانییەوە کرابێت ئەوا کرێکارەکە دەخرێتە لیستی بێبەشکراوانی کارکردن و بەڕێوەبەرایەتی کار ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند دەکات بۆ ئەم مەبەستە و کرێکاری بیانی بۆی نییە تا ماوەی (٣) سێ ساڵ بێتە هەرێم بۆ کارکردن.
٩- هەبوونی ناوی لە لیستی قەدەغەی وەزارەتی ناوخۆ.

**یازدەم:** گرێبەستی کار لەگەڵ کەسی بیانی پەسەند ناکرێت ئەگەر (١٨) هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبێت.

**دوازدەم:** لە کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستی کار، مۆڵەتی کارەکەی هەڵدەوەشێتەوە .

**سێزدەم:** لە کاتی پێدانی مۆڵەتی کار بە کرێکاری بیانی بە سپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، گشت پابەندبوونە یاسایی و دارایی کۆمپانیای هێنانی کرێکار کۆتایی دێت، دوای تێپەڕبوونی ماوەی گەرەنتی کە لە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٥)ی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە و سپۆنسەری کرێکاری بیانی گشت ئەو پابەندبوونانە لە ئەستۆ دەگرێت بەپێی بەڵێننامەیەک کە لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند واژووی دەکات.

**ماددەی (٩) :**

**دانانی کەسی سروشتی یان مەعنەوی لە لیستی ڕەش و قەدەغە**

**یەکەم:** کەسی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە لیستی ڕەش ئەگەر سەرپێچیی یاسای کار یان ڕێنماییەکانی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بکات.

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی سروشتی بیانی بێت ئەوا داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت کە دیپۆرت بکرێت و بخرێتە لیستی قەدەغە.

**سێیەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کە سی سرو شتی یان مەعنەوی خۆماڵی بێت، ئەوا پاش خستنە ناو لیسی ڕەش گشت داواکارییەکانی ڕادەگیرێت.

**چوارەم:**

١- خستنە ناو لیستی ڕەش و دەرهێنانی تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە و دەبێت لایەنی داواکار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار وبیمی کۆمەڵایەتی داواکاری خستنە ناو لیستی ڕەش یان دەرهێنانی بۆ وەزارەت بەرز بکاتەوە و گشت بەڵگەنامەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی لەگەڵ دۆسیەی کەسی بیانی هاوپێچ بکرێت.

٢- ئەگەر دیپۆرتکردنەکە بە بڕیاری دادگای تایبەتمەند بێت، ئەوا دەقی بڕیاری کۆتایی دادگا ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی وەزاری.

**پێنجەم:** خستنە ناو لیستی ڕەش لە (١) یەک ساڵ کەمتر نابێت، و دوای (١) یەک ساڵ بە فەرمانی وەزاری و بەپێی داواکاری لادەبرێت، ئەگەر هۆکاری خستنە ناو لیستی ڕەش چارەسەر کرابێت.

**شەشەم:** ئەگەر کە سی سرو شتی یان مەعنەوی خرایە ناو لیستی ڕەش، گشت مامەڵەکانی مۆڵەتی کار ڕادەگیرێت تا هێنانەدەرەوەی لە لیستی بێبەشکراوان و ئەو مامەڵانەی لە پرۆسەی جێبەجێکردندان هەڵدەوەشێنەوە و کەسی بیانی دەتوانێت بە سپۆنسەری کەسێکی تری سروشتی یان مەعنەوی بەپێی ڕێکارەکانی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتی کار وەربگرێت. ئەگەر کەسی بیانی لە ماوەی خستنە ناو لیستی ڕەشی کەسی سروشتی یان مەعنەوی مۆڵەتەکەی کۆتایی هات، ئەوا دەکرێت کەسی بیانی مامەڵەی مۆڵەتی کار یان نوێکردنەوەکەی بە سپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر ئەنجام بدات، دوای جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی لەم ڕێنماییەدا هاتوون.

**حەوتەم:** کەسی مەعنەوی یان سروشتی دەخرێتە لیستی ڕەش بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- سەرپێچیکردن لەم ڕێنماییە یان یاسای کار بۆ (٣) سێ جار زیاتر لە ساڵێکدا.

٢- بازرگانیکردن بە کرێکاری بیانی.

٣- ناردنی کرێکاری بیانی بۆ پارێزگاکانی تری عێراق.

٤- ئەشکەنجەدانی کرێکاری بیانی.

**هەشتەم:** لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند لێکۆڵینەوە دەکات لەو سەرپێچییانەی کە لە بڕگەی (حەوتەم)ی ئەم ماددەیە دیاری کراون.

**ماددەی (١٠):**

**لیژنەکانی بەدواداچوون**

**یەکەم:** لیژنەیەک یان زیاتر لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار پێکدێت بە مەبەستی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی کاری کەسانی بیانی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان.

**دووەم:** دەبێت ئەم لیژنەیە بە تەواوی تەرخان بکرێت بۆ ئەو کارەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە.

**سێیەم:** لە کاتی بەدیکردنی هەر سەرپێچییەکی تایبەت بە یاسای کار یان ئەم ڕێنماییە، دەبێت بە کۆنووسێکی تایبەت ئەم سەرپێچییە دەستنیشان بکات.

**چوارەم:** لیژنەی بەدواداچوون ڕاپۆرتی ڕۆژانە بەرز دەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری کار لە سنووری کارەکەی و تێیدا سەرپێچی و پێشنیارەکان دەستنیشان دەکات.

**پێنجەم:** ئەم لیژنانە دەبەسترێنەوە بە بەشی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاری تایبەتمەند.

**شەشەم:** پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی کار، ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە بەدواداچوونی لیژنە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و بیمی کۆمەڵایەتی.

**حەوتەم:** پێویستە لیژنەکانی بەدواداچوون هەماهەنگیی تەواو بکەن لەگەڵ لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە و نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**هەشتەم:** ئەم لیژنانەی لەم ماددەیە دیاریکراون (٣) سێ مانگ جارێک ئەندامەکانی دەگۆڕێن.

**ماددەی (١١):**

**گواستنەوەی دۆسیەی کرێکاری بیانی**

**یەکەم:** گواستنەوەی دۆسیەی کرێکاری بیانی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی کار بۆ یەکێکی تر بە ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کار کە دۆسیەی لێوە بۆ دەگوازرێتەوە دەکرێت.

**دووەم:** گواستنەوەی دۆسیە تەنها بۆ ئەو کرێکارە بیانییانە دەکرێت کە نشینگەیان هەیە کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و گرێبەستی کاریان هەیە.

**سێیەم:** گواستنەوەی دۆسیە بەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێت:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کارەی کە دەیەوێت گواستنەوەی دۆسیەی بۆ بکات.

٢- دەبێت کارتی نشینگەی بەسەر نەچوو بێت.

٣- ڕەزامەندی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی ئەو پارێزگایەی کە دۆسیەی لێیە و بۆ دەگوازێتەوە.

٤- پێشکەشکردنی گرێبەستی کاری نوێی پەسەندکراو لە بەڕێوەبەرایەتی کار.

٥- بەڕێوەبەرایەتی کار کە دۆسیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی گشت مەرجەکان، نووسراوێک ئاڕاستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکات کە دۆسیەکەی لێ تۆمار کراوە بە مەبەستی ناردنی دۆسیەکە و دەبێت وێنەیەکی دۆسیەکەی لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی دۆسیەکەی لێ گوازراوەتەوە بمێنێتەوە.

**چوارەم:** گواستنەوەی دۆسیە بۆ خاوەنکار یان کۆمپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان دەکرێت بە مەرجێک کۆمپانیاکەی یان پرۆژەکەی گواسترابێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیەی بۆ دەکات یان لقێکی لێ کرابێتەوە بە پشتگیریی لایەنی حکومیی پەیوەندیدار.

**پێنجەم:** ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی کە دۆسیەی لێ دەگوازرێتەوە، دۆسیەی کەسیی بیانی ڕەوانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی بۆ دەگوازرێتەوە نا کات ئەگەر گشت مەرجەکانی گواستنەوەی دۆسیەی جێبەجێ نەکرا بن.

**شەشەم:** فەرمانێکی کارگێری بە گواستنەوەی دۆسیەی لەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دۆسیەکەی لێ دەگوازرێتەوە دەردەکرێت و وێنەیەکی فەرمانەکە دەدرێت بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی هەردوو پارێزگا کە دۆسیەکەی لێ و بۆ دەگوازرێتەوە بە مەبەستی ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست.

**حەوتەم:** گواستنەوەی دۆسیە لە ساڵێکدا تەنها (١) یەک جار ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی (١٢):**

### سیستەمی ئەلیکترۆنیی مۆڵەتی کار

**یەکەم:** سیستمێکی مۆدێرن لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار دادەمەزرێت بۆ داواکردنی مۆڵەتی کار بۆ کەسی بیانی لە ڕێگای ماڵپەرێکی ئەلیکترۆنی بە شێوازی (ONLINE) و دەبەسترێتەوە بە سیستەمی ئەلیکترۆنیی نشینگە لە وەزارەتی ناوخۆ.

**دووەم:** داواکاریی کۆدی ئەلیکترۆنی بەپێی سیستمی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەم ڕێکارانەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی داواکاریی وەرگرتنی کۆد لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و بیمی کۆمەڵایەتی.

٢- پێدانی کرێی کارگێری داواکاری کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

٣- هاوپێچکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ماددەی (٥)دا دیاری کراون.

٤- پێدانی ڕسوماتی کۆدی ئەلیکترۆنی کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا دیاری کراوە.

**سێیەم:** سیستەمی کاری تایبەت بە پێدانی کار لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار یەک دەخرێن و پێویستە بە یەک شێواز کار بکەن.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** هەر کۆمپانیایەکی هێنانی دەســتی کار و کۆمپانیا دەتوانن کۆدی ئەلیکترۆنیی مۆڵەتی کاری کرێکاری بیانی وەربگرن بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- کۆمپانیایەکی هێنانی دەستی کار یان کۆمپانیا، مۆڵەتی هەبێت لە هەرێمی کوردستان.

٢- پێویستە پاکانەی باج و ئەستۆپاکیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات.

٣- لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی (یانزەیەم)ی ئەم ڕێنمایییە ســەردانی کۆمپانیا دەکات بە مەبەســتی دڵنیابوون لە هەبوونی پڕۆژە و پێویستیی کرێکار و بەپێی فۆرمی ستاندەرد.

٤- پێدانی بڕێك پارە کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنمایییەدا دیاری کراوە بەرامبەر پێدانی کود .

**دووەم:** لە کـاتی ســەرپێچیکردنی داواکـار، پێبژاردنی پێ دەکرێـت بەو بڕەیەی کە لە پـاشــکۆی ئەم ڕێنمایییەدا دیاری کراوە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** ئەو بڕە پارانەی لە خشــتەی پاشــکۆی ژمارە (٢) هاوپێچی ئەم ڕێنمایییەدا هاتوون وەک کرێی کارگێڕی و بارمتە لەو بەڕێوەبەرایەتییانە وەردەگیرێت کە لە بەرامبەریان دیاری کراوە.

**دووەم:** ئەو بڕە پارا نەی کە وەک کرێی کارگێڕی وەردەگیرێن دەخرێنە ســەر هەژ مارێکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشــتی کـار و بیمی کۆمەڵایەتی لە وەزارەت و لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی کـار هەژمارێکی تایبەت دەکرێتەوە بۆ ســپاردنی ئەو بڕە پارانەی کە لە پاشــکۆی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم ڕێنمایییەدا دیاری کراون.

**ســێیەم:** ئەو بڕە پارانەی لە بارمتە وەردەگیرێن دەخرێنە ســەر هەژمارێکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و بیمی کۆمەڵایەتی لە وەزارەت.

**چوارەم:** ئەو بڕە پارانەی کە لەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، دەبنە داهاتی کۆتایی و دەخرێنە ســەر ئەژماری وەزارەتی دارایی و ئابووری و پاشــان بڕی (٣٠%) لە ســەدا ســیی بۆ وەزارەت تەرخان دەکرێت و دەخرێتە ســەر ئەژماری وەزارەت و بە فەرمانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار و بیمی کۆمەڵایەتی خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**پێنجەم:** هیچ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی یان کرێکاری بیانی لە ڕسومات نابەخشرێت.

**ماددەی (١٥): ئەحکامە گشتییەکان**

**ئەم ڕێنمایییە کارمەندانی ئەم لایەنانەی خوارەوە ناگرێتەوە:**

١- ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان.

٢- ڕێکخراوە نـاحکومییە نێودەوڵەتی و نـاوخۆییەکـان کە تۆمـارکراون لە فەرمـانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

٣- نێردراوە دیپلۆماتکارەکان و کۆنسوڵخانەکان.

٤- ئەو کەسە بیانییانەی لە حکومەتی هەرێم کار دەکەن.

**ماددەی (١٦):**

گشـــت ماف و ئەرکی کرێکاری بیانی کە لەم ڕێنماییەدا دیاری کراون بەپێی یاســـای کاری بەرکار دەبن، سەرەڕای ئەو ماف و ئەرکانەی لەم ڕێنماییەدا دیاری کراون.

**ماددەی (١٧):**

کرێکاری بیانی بەپێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی (١٨):**

دەستەی ئاماری هەرێم داتابەیسێک بۆ تۆمارکردنی زانیاریی کرێکاری بیانی دادەمەزرێنێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە وەزارەت بۆیان دەنێرێت.

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم:** لە کاتی ســـەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، وەزیر دەســـەڵاتی وەرگرتنی ڕێکاری یاســـایی هەیە لە چوارچێوەی ئەو سزا و پێبژاردنانەی کە لە یاسا بەرکارەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە.

**دووەم:** بۆ مەبەستەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، پێویستە لەسەر خاوەنکار، سروشتی یان مەعنەوی، بەڵێننامەیەک پێشـــکەش بکات بە فەرمانگەی یاســـایی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاری تایبەتمەند، و تیایدا بەڵێن بدات بە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی بە گوێرەی ســـەرجەم ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە و بەڵێن بدات لە کاتی ســـەرپێچیکردن لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەڵێننامەکەیدا ئەوا ئامادەیە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار بدات لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی بەڵێننامەکەی بۆ هەر حاڵەتێکی سەرپێچی.

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردســـتان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**دووەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نووســـراوێک ناکرێت تایبەت بە کرێکاری بیانی کە دژ بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت وحوکمەکانی ئەم ڕێنماییە جێیان دەگرێتەوە.

**سێیەم:** کارکردن بە ڕێنمایی وەزارەت ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ بەردەوام دەبێت تایبەت بە ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لە بەکارخستندا.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر سەرجەم کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی و کۆمپانیا و سپۆنسەری ســـروشـــتی و مەعنەوی و هەموو ئەوانەی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە لە ماوەیەک لە (٦) شـــەش مانگ تێپەڕ نەکات لە بەرواری بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییانە ڕێک بخەن

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لە پێناوی ڕێکخستنی کاری دەستی کاری بیانیی لە هەرێم، بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە هەرێم و پاراستنی مافی کرێکاری خوماڵی بە سوودوەرگرتن لە هەلی کار لە هەرێم و پێدانی هەلی کار بە کرێکاری بیانی بۆ ئەو هەلی کارانەی کرێکاری خوماڵی ناتوانێت پڕیان بکاتەوە و پاراستنی مافەکانی کرێکاری بیانی بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتییەکان، ئەم ڕێنماییانەییەمان دەرکرد.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

## پاشکۆی ژمارە (١) خاڵبەندیی

| بابەت | خاڵ |
|---|---|
| بڕوانامە | |
| تەنها لەو زانکۆیانەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەفەرمی باوەڕیان پێ دەکات | |
| دکتۆرا | ٣٥ |
| ماستەر | ٢٠ |
| بەکالۆریۆس | ١٥ |
| دواناوەندی و دبلۆم | ٠ |
| مووچە | |
| ٦ ملیۆن بەسەرەوە | ٣٥ |
| ٤.٥ ملیۆن بەسەرەوە تا ٦ ملیۆن | ٢٥ |
| ٣ ملیۆن بەسەرەوە تا ٤.٥ ملیۆن | ٢٠ |
| ١ ملیۆن بەسەرەوە تا ٣ ملیۆن | ١٠ |
| ژێر ١ ملیۆن | ٠ |
| تەمەن | |
| ١٨ تا ٤٥ ساڵ | ٥ |
| سەرەوەی ٤٥ ساڵ | ٠ |
| ئەزموون | |
| ٢٠ ساڵ بە سەرەوە | ١٥ |
| ١٥ تا ١٩ ساڵ | ١٠ |
| ١٠ تا ١٤ ساڵ | ٥ |
| . تا ٩ ساڵ | ٠ |
| کەرتی ستراتیجی | |
| سامانە سروشتییەکان /کشتوکاڵ /پیشەسازی /وەبەرهێنان /گەشتوگوزار | ١٠ |

## پاشکۆی ژماره (٢) بڕی کرێی کارگێری و بارمتەکان

**بارمتە**

| ژ | جۆر | بڕی بارمتە | بە نووسین | شوێنی وەرگرتن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمپانیای هێنانی دەستی کار | ١،٠٠٠،٠٠٠ | سەد ملیۆن دینار | بەڕێوەبەرایە تی گشــتی کارو بیمی کۆمەڵایەتی | |
| ٢ | خـاوە نکـاری ســروشــتی یـان مەعنەوی | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار | بەڕێوەبەرایە تی گشــتی کارو بیمی کۆمەلایەتی | بــــــــۆ هەرکرێکارێك |

**کرێی کارگێری**

| ژ | جۆر | بری ڕسومات | بەنووسین | شوێنی وەرگرتن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کرێی(اجورکشف) | ٥٠٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی کاری تایبەتمەند | |
| ٢ | خاڵبەندی (٠ تا ١٩) | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو بیمی کۆمەڵایەتی | |
| ٣ | خاڵبەندی (٢٠ تا ٣٩) | ٢،٥٠٠،٠٠٠ | دووملیۆن وپێنج سەدو هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمی کۆمەلایەتی | |
| ٤ | خاڵبەندی (٤٠ تا ٤٩) | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | دووملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمی کۆمەڵایەتی | |
| ٥ | خاڵبەندی (٥٠ تا ٦٩) | ١،٥٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن پێنج سەد هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو بیمی کۆمەڵایەتی | |
| ٦ | خاڵبەندی ( ٧٠بەرەو سەرەوە) | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو بیمی کۆمەلایەتی | |
| ٧ | کرێی هێنانی خزمەتکاری ناوماڵ دوای پەسەندکردنی گرێبەستی کۆتایی کارکردن | ٧٥٠،٠٠٠ | حەوت سەدو پەنجا هەزار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمی کۆمەڵایەتی | بۆ هەر کریکارێک |
| ٨ | کرێی ساڵانەی تازەکردنەوەی هێنانی خزمەتکاری ناوماڵ | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمی کۆمەڵایەتی | بۆ هەر کریکارێک |
| ٩ | مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی دەستی کار | ٤،٠٠٠،٠٠٠ | چوار ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو بیمی کۆمەڵایەتی | |
| ١٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هینانی دەستی کار | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو بیمی کۆمەڵایەتی | بۆ هەر ساڵێک |
| ١١ | کۆدی ئەلکترۆنی مۆڵەتی کار | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی کارو بیمی کۆمەلایەتی | بۆهەر ساڵێک |

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١١٥١ لە ٢٠٢٤/٢/١٤**

پاڵپشــت بە ماددەی ( ٩) لەپەیڕەوی (ســندووقی چاودێری و شــیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویســتی تایبەت وکورتە باڵایان) لەهەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ ، ئەو ڕێنماییەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**سندوقی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان**

**ماددەی (١) :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەو ڕێنماییە:

**یەکەم :هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم : وەزارەت:** وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم : وەزیر:** وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: سندوق:** سندووقی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**پێنجەم: ئەنجوومەن:** ئەنجومەنی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**شــەشــەم :بەڕێوەبەرایەتی گشــتی:** بەڕێوەبەرایەتیە گشــتیەکانی چاودێری وگەشــەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

**حەوتەم : بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کەمئەندامانی ســەر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشــتیەکان وبەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری وگەشــەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە ســەربەخۆکانی (سۆران- زاخۆ- ڕاپەڕین).

**هەشــتەم : ســوودمەندان:** ئەو کەمئەندام وخاوەن پێداویســتی تایبەت وکورتە باڵایانەی بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی پێویستیان بەخزمەتگوزاری هەیە.

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم :** تەرخانکردنی ڕێژەی (**١%**) لە بودجەی وەزارەت بۆ سندوق.

**دووەم :** کردنەوەی ئەژماری بانکی تایبەت بە سندوق لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٣) :ڕێژەی تەرخانکراو بۆ خەرجکردن لەبوارەکانی سندوق:**

**یەکەم :** ڕێژەی (**٣٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ دابین کردنی ئامێری قەرەبووکار وئامادەســازکار وکەلوپەلی پزیشکی پێویست بۆ کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**دووەم :** ڕێژەی (**٣٠%**) تەرخان دەکرێت بۆدابینکردنی چارەســەری پێویســت لەنەشــتەرگەری وشــیاندنی تەندروستی وپێشکەشکردنی داودەرمان بەکەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایانی کەمدەرامەت.

**ســێیەم :** ڕێژەی (**٢٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ تواناســازی وبەرزکردنەوەی کارامەیی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان بۆ شیاوکردنیان بۆ کارکردن لەو بوارانەی بۆیان گونجاوە.

**چوارەم :** ڕێژەی (**١٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژنەوە ولێکۆڵینەوە و کۆربەند وئامادەکردنی چاپەمەنی وچالاکی جۆراوجۆر کەخزمەت بە کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان بکات.

**پێنجەم :** ڕێژەی (**١٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ بەشداری لە بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکانی چاودێری کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان وچاکترکردنی دامەزراوە گشتیەکانی پاڵپشتیکار.

**شەشەم:** ئەنجومەنی سندوق بۆی هەیە مناقەلە بە خەرج کردنەکە بکات لە کاتی پێویست تەنها بۆ بوارەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم.

**ماددەی (٤) :**

لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکان لە سێ ئەندام پێك دێت کە توێژەرێك ویاساییەکی تیا بێت بۆ هەڵسەنگاندنی باری دارایی داواکار وتەواوی وراستی بەڵگەکان.

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری**

**یەکەم :** پێشکەشکردنی داواکاریەك بۆ ئەنجومەن لەلایەن کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا یان کەس وکاریان یان هەرکەسێك نوێنەرایەتی یاساییان بکات لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکان کە داواکاریەکەی وبڕی تێچووی دەستنیشان بکات وئەم بەڵگانەی لەخۆ بگرێت.

١- ناسنامەی شارستانی یان کارتی نیشتمانی.

٢- بەڵگەنامەی پاڵپشت بۆ داواکەی (ناسنامەی کەمئەندامیەتی ئەگەر هەبوو + راپۆرتی پزیشکی بۆ سەلماندنی پێداویستیەکەی )

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتیەکان لەڕێگای لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماددەی (**٤**) هەڵسەنگاندن بۆ باری دارایی داواکار وتەواوی وراستی بەڵگەکان دەکەن وپاشان تێبینی خۆیان هاوپێچ دەکەن وبەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لەوێشەوە بۆ ئەنجومەن ئەوەش لەماوەیەك کە لە (**١٥**) ڕۆژ تێپەر نەکات پاش پێشکەشکردنی داواکە.

**سێیەم :** ڕیزبەندی بۆ داواکاریەکان دادەنرێت بۆ:-

١- وەرگرتنی خزمەتگوزاری وشایستەکان بەپێی ریزبەندی.

٢- زانینی ژمارەی سوودمەندانی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك وکۆی گشتی سوودمەندان.

**چوارەم :** پێویستە داواکاریەکە لەلایەن ئەنجومەن تاوتوێ بکرێت لە ماوەیە کە لە (**٣٠**) ڕۆژ زیاتر نەبێت پاش تۆمارکردنی داواکاریەکە لەلایەن ئەنجومەن.

**پێنجەم :** ئەنجومەن بڕیار لەسەر داواکاریەکە دەدات بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوە، بەرەچاوکردنی هاوسەنگی لەنێوان داواکاریەکە وناوەڕۆکی بڕیارەکە وە بەواژووکردنی سەرۆکی ئەنجومەن بڕیاری خەرجکردنەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**ماددەی (٦) :**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە : ٣٠٠٨ لە ٢٠٢٤/٢/١٨**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٥٩) لە یاسای دەست دانە پیشەی دەرمانساز ژمارە ( ٤٠ )ی ساڵی ١٩٧٠ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و ماددەی (٢) بڕگەی بیستەم و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٦) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و بە مەبەستی ئاسانکاری لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی میکانیزم و مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور**

**لە لایەن پزیشکان و دەرمانسازان بۆ پێدانی دەرمانی کۆنترۆڵکراو لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١) : پێناسەکان:** مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم : هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم : ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت** : وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم : وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

**شەشەم: سەندیکا:** سەندیکای پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانسازان.

**حەوتەم: لیست:** ئەو لیستانەن کە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە.

**هەشتەم: دامەزراوە تەندروستیەکان:** دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کەرتی هاوبەش.

**نۆیەم: دەرمانی کۆنترۆڵکراو:** ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لە سەر هۆشیاری نەخۆش دروست دەکات ، تەنها پزیشک دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ چارەسەرکردن بنوسێت.

**دەیەم: ڕەچەتەی سور:** بریتیە لە پسوولەیەکی تایبەت بۆ نوسینی دەرمانی کۆنترۆڵکراو کە تەنها پزیشکی مۆڵەت پێدراو دەتوانێت بەکاری بهێنێت.

**یازدەیەم: پزیشکی چارەسەرکار:** ئەو پزیشکەی کە دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ مەبەستی چارەسەرکردن بنوسێت.

**ماددەی (٢) :**

لە کەرتی تەندروستی گشتی وتایبەت پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە کاتی پێویست دوای وەرگرتنی ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بنوسێت لەکاتی دەوامی ئێشکگری.

**ماددەی (٣) : مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕەچەتەی سور لە لایەن پزیشکان:**

١-پزیشکەکە ڕێگە پێدراو بێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

٢-مۆڵەتی کارکردنی لە سەندیکای پزیشکان یان سەندیکای پزیشکانی ددان هەبێت.

٣- نوسینی دەرمانە کۆنترۆڵکراوەکان پەیوەندی بە پسپۆڕیەکەو وە نەخۆشیەکە هەبێت.

**ماددەی (٤) : کلێشەی تایبەت بە ڕەچەتەی سور:**

**یەکەم**: کلێشـەی تایبەت بە ڕەچەتەی سـور کە بە شـێوەیەکی زانسـتی دیاری کراوە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی وبە هەماهەنگی لەگەل سەندیکای پزیشکان و سەندیکای پزیشکانی ددان و سەندیکای دەرمانسازان ئامادە کراوە و دەبێتە بەشێك لەم ڕێنماییە.

**دووەم**: پێویستە ڕەچەتەی سور ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

أ- زانیاری لە سەر پزیشکی چارەسەرکار:

١-ناوی سیانی

٢- ژمارەی تۆماری لە سەندیکای پزیشکانی کوردستان.

٣- ناونیشانی (کلینیک) نۆڕینگە.

٤- ژمارەی مۆبایلی نۆڕینگە.

٥-واژوو مۆری پزیشکەکە.

٦-پسپۆڕیەکەی

ب- زانیاری لەسەر دەرمانەکە:.

١-ناوی زانستی دەرمانەکە.

٢-هێزی دەرمانەکە(Strenght).

٣- شێوەی دەرمانەکە( Dosage form).

٤-ڕێکەوتی نوسینی دەرمانەکە ڕۆژ و مانگ و ساڵ.

٥-بڕوماوەی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ.

٦-چۆنیەتی بەکار هێنانی دەرمانەکە.

ج- زانیاری لەسەر نەخۆشەکە:.

١-ناوی چواری نەخۆشەکە، ژمارەی مۆبایل ، شوێنی نیشتەجی بوون.

٢-ژمارەی پێناسەی نەخۆشەکە.

٣-جۆری نەخۆشیەکەی بە کۆدی( ICD١٠).

**سێیەم**: پێویستە ڕەچەتەی سور بەم شێوەیەی خوارەوە بێت :-

کۆدو ژمارەو هێمای لایەنی پەیوەندیدارەکان بریتیە لە(وەزارەتی تەندروسـتی – سـەندیکای پزیـشکان – سەندیکای پزیشکانی ددان – سەندیکای دەرمانسازان ) زانیاری تەواوی لە سەر بێت بە شێوەیەك کە ڕێگری بکرێت لە ساختەکردن وخراپ بەکارهێنانی تەنها بۆ یەک جار بەکاردەهێندرێت.

**ماددەی (٥): پێویستە ڕەچەتەی سوور بە سێ وێنە چاپ بکرێت:-**

١- وێنەیەك لای پزیشکی چارەسەرکارەکە دەمێنێتەوە.

٢- وێنەیەک بۆ دەرمانخانەی سەرفکەر.

٣- وێنەیەک بۆ وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی هێنان و دابەشکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/لیژنەی پێدانی ڕاچێتەی سوور.

**ماددەی (٦):**

١- پێک هێنانی لیژنەی ساڵانەی جێ بەجێ کردنی ڕاچێتەی سوور لە وەزارەتی تەندروستی بە ئەندامیەتی نوێنەرانی سەندیکای پزیشکان وسەندیکای پزیشکانی ددان و سەندیکای دەرمانسازان تایبەت بە دروست کردن ودابەشکردنی دەفتەری ڕاچێتەی سوور بە پزیشکان.

٢- وێنەیەک لەگەڵ دەفتەری ڕاچێتەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی لە کاتی وەرگرتنەوەی ڕاچێتەی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی هێنان و دابەشکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/لیژنەی پێدانی ڕاچێتەی سوور.

**ماددەی (٧):**

لە کاتی هەبوونی سەرپێچی وەزیری تەندرو ستی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی سەرپێچیەکان پێک دەهێنێت بە ئەندامیەتی سەندیکا پەیوەندیدارەکان بۆ سەیرکردنی جۆری سەرپێچیەکان و دوایش مامەڵەکردنی بە پێی یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەرەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:.

١-لە کاتی سەرپێچی کردنی مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور یان پێدانی زانیاری نادروست سەرپێچیکار بە پێی یاسا ورێننماییە بەرکارەکان سزا دەدرێت.

٢- لە کاتی ساختە کردنی ڕاچیتەی سوور وەبەکارهێنانی ڕاچێتە ساختەکراوەکە سەرپێچی کار ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

١-وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێ بە چاپکردنی ڕاچێتەی سوور بە پێی ڕێنماییە بەرکارەکان.

٢-پزیشکان لە سەندیکاکانی پزیشکان و پزیشکانی ددان دەفتەری ڕاچێتەی سوور وەردەگرن.

٣-لە دوای تەواوبوونی دەفتەری ڕاچێتەکان وێنەیەک لە دەفتەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت،لە ڕێگای لیژنەی جێ بە جێ کردنی ڕاچێتەی سوور.

**ماددەی (٩):**

سەرف کردنی دەرمانی ڕاجێتەی سوور لە دەرمانخانەکان تەنها لە لایەن پزیشکی دەرمانساز دەبێت.

**ماددەی (١٠) :** کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١١):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسێن بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٣٠٠٦ لە ٢٠٢٤/٢/١٨**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەکانی (١٠٥) لە یا سای تەندرو ستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و مادده ( ٧ ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**نەشتەرگەری درێژ کردنەوەی ئێسک و درێژ کردنەوەی باڵا لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە ە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنمایە:

**یەکەم** : **هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم** : **وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم کوردستان - عێراق.

**سێیەم** : **وەزیر**: وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم** : **درێژ کردنی ئێسک** :بریتیە لە زیاد کردنی ئێسکی نەخۆش لە باڵ یاخود لە ڕان و لاق بە کرداری نەشتەرگەری ئەمەش بە بڕینی ئێسک و دانانی ئامێری چەسپاندن ( ناوەکی یاخود دەرەکی ) کە دەبێتە هۆی لێک دورخستنەوەی هەردوو پارچە ئێسکەکە لەیەکتر وە دروستکردنی بۆشایی لە نێوانیاندا و پر بونەوەی بۆشایەکە بە ئێسکی تازە .

**ماددەی (٢):**

نابێت ئەم جۆرە نەشتەرگەریە بۆ مەبەستی جوان کاری بکرێت لەکاتی ئیستادا .

**ماددەی (٣):**

**نەشتەرگەری درێژکردنەوەی ئیسک بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :**

أ- ئەو پزیشکەی ئەو کارە دەکات پێویستە پزیشکی نەشتەرگەری بێت لە بواری ئیسک و شکان و هەڵگری بڕوانامەی( ماستەر یان دبلۆمی باڵا یان دکتۆرا ) بێت و( ٣) مانگ ڕاهێنانی ئەنجام دابێت لە یەکێک لە سەنتەرەکانی تایبەت بەم بوارە لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وولات.

ب- پێویستە پزیشک (CV) خۆی پێشکەش بە وەزارەت بکات وە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرێت

ج- پێویستە هەر نەخۆ شخانەیەک کە ئەم جۆرە نە شتەرگەریە ئەنجام دەدات ڕەزامەندنی کردنەوەی (بەشی نەشتەرگەری درێژکردنەوەی ئیسک و درێژکردنەوەی باڵا ) وەربگرێت لە وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وە ئەم نەخۆشخانەو سەنتەرانە هۆلی تایبەت بە نەشتەرگەری ئیسک و شکاوی هەبێت و هەموو ئامێرەکانی تایبەت بەم نەشتەرگەریە وICU و بەشی چارەسەری سروشتی هەبێت .

**ماددەی (٤):**

**ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە تەنها ئەم نەخۆشانەی خوارەوە دەگرێتەوە :**

أ-   ئەو نەخۆشانەی کە تەمەنیان لە (٣٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت .

ب-  ئەم نەخۆشانەی کە کێشەی درێژکردنەوەی ئیسکیان هەبێت.

ج-  ئەو نەخۆشانەی کە کورتە باڵان بەهۆی نەخۆشی ئیسک (SKELETAL DYSPLASIA) .

**ماددەی (٥):**

لەهەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لیژنەیەکی زانستی دەبێت بۆ پێدانی ڕەزامەندی ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریە ئەویش پاش هەڵسەنگاندنی نەخۆشەکە .

**ماددەی (٦):**

هەر نەخۆشخانە و سەنتەریک تایبەت پابەندی ئەو رێنماییانەی سەرەوە نەبێت ئەوا پێبژاردن دەکرێت بەبڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار ولە کاتی دووبارە کردنەوەی ئەم سەرپێچیە ئەم بە شە دادەخرێت بۆ ماوەی ( ٣) مانگ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕینماییە رێگرنیە لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەپێی یاسا و ڕینماییەکارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٩):**

ئەم رێنماییە دوای(٣٠) سی رۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کورد ستان) کاری پێ دەکرێت .

**د.سامان حسێن بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٣٠٠٧ لە ٢٠٢٤/٢/١٨**

پاڵپشت بە ماددەی(حەوتەم)لە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی ڕێکخستنی دابینکردنی جلی دسپۆزەبڵی نەخۆش**

**ماددەی (١):**

**پێناسەکان**: مەبەست لەم ووشە و زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم رێنماییە ئەو مانایانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: هەرێم**:هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ؼ عێراق .

**سێیەم: وەزیر**: وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ؼ عێراق

**چوارەم : جلی دسپۆزەبڵی نەخۆش**: بوخجەی(سێت)ی جلی نەخۆش و سێتی نەشتەرگەری.

**ماددەی (٢):**

مەبەستی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی دابینکردنی جلی دیسپۆزڵی نەخۆشە لە سەر ئەرکی نەخۆش بەپێی حوکمەکانی یاسا و پەیڕە و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێم .

**ماددەی (٣):**

کاری دابینکردنی جلی دسپۆزەبڵی نەخۆش بەشێوەی کەمکردنەوە ئەنجام دەدرێت بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ ، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت :

١- ماوەی گرێبەستی دابینکردنی جلی دسپۆزەبڵی نەخۆش (٢) دوو ساڵ دەبێت .
٢- بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان (١) یەک تەندەر بۆ سنووری بەرێوەبەرایەتییەکەیان ئامادە بکەن بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ دەکرێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندرو ستی (هەولێر / سلێمانی / دهۆک) زیاتر لە تەندەرێک ئامادە بکەن بۆ باشتر کۆنترۆڵکردن بە مەرجێک لە (٣) سێ تەندەر زیاتر نەبێت بۆ سنووری بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان .
٣- جلەکان بە شێوەی بوخجە(سێت) بێت و سەرجەم پارچەکانی پێویستی تێدابێت وەک (جل و بەرگ، سەرجەف، بەرگی سەرین، خاولی، نەعل)، و بەپێی جۆری نەشتەرگەری و ڕەگەزی نەخۆش دەبێت .
٤- پێکهاتەی جلەکان لە پۆلستەر بێت ، و تەنک نەبێت و پێستی نەخۆش دیار نەبێت .
٥- کێشی جلەکان و درێژی و پانی جلەکان بەپێی ستانداری نێودەوڵەتی دیار بکرێت .

٦- دابینکردنی جلی دســپۆزەبڵی نەخۆش بەپێی پێویســتی نەخۆشــەکان بێت ،نابێت دامودەزگا تەندروستییەکان پابەندبکرێن بە بڕ و ڕێژەی دیاریکراو .
٧- لە کاتی ئامادەکردنی تەندەری بۆ بوخجە (ســێت) نەشــتەرگەری بەپێی جۆری نەشــتەرگەری دیاربکرێت نەک بەپێی نەخۆشخانە، تاکو جیاوازی نرخ دروست نەبێت لە نەخۆشخانەکان بۆ هەمان نەشتەرگەری .
٨- بەرێوەبەرایەتییە گشــتییەکــان لە کــاتی خەمڵانــدن نرخی بوخچە (ســێت)ە کــان بوخچەکە شیبکرێتەوە و نرخی تاکی پێداویستیەکان دیاری بکرێت .
٩- کۆمپانیا و بەلێندەری دابینکار پێشــوەختە پابەند بکرێت بە پێدانی پوولی دارایی و هێنانی ئەستۆپاکی باج و دەستەبەری کۆمەلایەتی .
١٠- بەرێوەبەراییەتیە گشــتییەکانی تەندروســتی (٤)چوار مانگ پێش کۆتایی هاتنی گرێبەســت رێکارەکانی ئامادەکردنی تەندەر و کەمگری ئەنجام بدەن تاکو بۆشایی لە ماوەی گرێبەست دروست نەبێت بەپێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن .

**ماددەی (٤):**

دەســەڵات دەدرێت بە بەرێوەبەری گشــتیی تەندروســتییەکانی ســەر بە وەزارەتی تەندروســتی بۆ ئامادەکردنی مەرج و خەمڵاندنی تایبەت و ئەنجامدانی کەمکردنەوە لە چوارچێوەی مەرج و نرخی دیاری کراو بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە و ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ژمارە (٢) ســاڵی ٢٠١٦، و پێویســت بە وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت ناکات ،پێویســتە دواتر وێنەیەک لەگرێبەست ئاراستەی وەزارەت بکرێت.

**ماددەی (٥):**

١- خەرجی دابینکردنی جلی دسپۆزەبڵ لە ئەستۆی نەخوش دەبێت هیچ خەرجیەک ناکەوێتە ئەستۆی خەزێنەی گشتی
٢- لە کاتی پێویســتی نەخۆش بەهەر پارچەیەک لە جل و بەرگ و پێداویســتیەکانی تری وەک (سەرچەف ، بەرگی سەرین، خاولی، نەعل) بە تاک بەپێی پێویستی بەنرخی تاک بۆی دابین دەکرێت.
٣- بەرێوەبەراییەتیە گشتییەکان سەرپشکن لە دیاری کردنی جۆر و ڕەنگی دیاریکراو بۆ جلەکان بەپێی گونجاوی لەگەڵ سروشتی نەخوشخانە.
٤- جۆر و نرخی سێتەکان بەپێی ڕەگەزی نەخوش و جۆری نەخوشی و جۆری نەشتەرگەری ئامادەکراوە لەخەمڵاندنی نرخدا .
٥- نرخی خەملێنراوی جلی دسپوزەبڵی نەخۆش و پیکهاتەکانی و سێتی نەشتەرگەری بەو شێوەیە کە لە خشتەکانی (آ) و (ب)ی هاوپێچ بەم ڕێنماییە هاتوون .
٦- دەکرێت وەزارەت لە داهاتوودا نرخەکان هەموار بکات .

**ماددەی (٦):**

**یەکەم** : هەڵوەشـــاندنەوەی کارکردن بە مەرج و خەمڵاندنی ســاڵی ٢٠١٧ کە لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٨٦٣) لە ٢٠١٧/٧/١٧ و (٦٣٣٥)لە ٢٠١٧/٩/٢٠ ئامادەکرابوو .

**دووەم** : کار بە هیچ ڕێنماییەکی ناکرێت کە ناکۆکە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییەدا.

**خشتەی (أ) سێتی جلی نەخۆش و پێکهاتەکانی**

| ژ | جۆری جل | کێش | نرخی خەملینراو بە ژمارە | نرخی خەملێنراو بە نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ١ | (١) سێت جلی نەخوش بۆ پیاوان | ١٩٠ گم | ٢٦٥٠ | دوو هەزار و شەش سەد و پەنجا دینار |
| ٢ | (١) سێت جلی نەخوش بۆ ئافرەتان | ١٩٠ گم | ٢٦٥٠ | دوو هەزار و شەش سەد و پەنجا دینار |
| ٣ | (١)سێت جلی منداڵان | ٩٥ گم | ٢٦٥٠ | دوو هەزار و شەش سەد و پەنجا دینار |
| ٤ | (١)سەرچەف | ٣٠ گم | ٥٠٠ | پینج سەد دینار |
| ٥ | (١) بەرگی سەرین | ٢٥ گم | ٢٠٠ | دوو سەد دینار |
| ٦ | (١)خاولی | ١٥گم | ٢٠٠ | دوو سەد دینار |
| ٧ | (١) جووت نە عل | | ١٠٠٠ | هەزار دینار |

**خشتەی (ب) سێتی نەشتەرگەری بەپێی جۆری نەشتەرگەری:-**

| ژ | جۆری جل | نـــــرخـــــی خەملینراو | نرخی خەملێنراو |
|---|---|---|---|
| | | به ژماره | بە نووسین |
| ١ | (١)سێتی نەشتەرگەری گشتی | ١٥،٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢ | (١)سێتی نەشتەرگەری پسپۆریەکانی دڵ وچاندنی ئە ندامەکان | ٢٠،٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٣ | (١) سیتی قەستەرە | ٣،٠٠٠ | سێ هەزار دینار |
| ٤ | (١)سێتی نەشتەرگەری منداڵبوون | ١٣،٥٠٠ | سێزدە هەزار و پینج سەد دینار |
| ٥ | (١)سێتی نەشتەرگەری چاو | ٧،٠٠٠ | حە وت هەزار دینار |
| ٦ | (١)سێتی نەشتەرگەری سوتاوی و جوانکاری | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٧ | (١)سێتی نەشتەرگەری هەرس وجگەر | ١٥،٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**د.سامان حسێن بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ١٣٠٩ لە ٢٠٢٤/١/١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە هەموارکراو بە بەیانمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (**سێیەم**) لە ماددەی (٤) لەڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی (**١**) لە بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

**ماددەی (٤): سێیەم :**

١- گەشتیارانی هەڵگری پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی گەشت(Travel Document)ی ئەو وڵاتانەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە و هەر وڵاتێکی تر کەلە داهاتوو دەخرێتە لیستی پێدانی ڤیزە لەکاتی گەیشتن پێویست بە ڤیزەی پێشوەختە ناکات و لە دەروازەی سنور ڤیزەی هاتنە ژوورەوە وەردەگرێت بەرامبەر بەو بڕە ڕسوماتەی (کارگێری ڤیزەی سەردان) کە لەخاڵی (٢٠) لە خشتەی (ڕسومات و سزاو بارمتەکان)ی هاوپێچی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) دا دیاری کراوە . سەبارەت بە گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە ئەوا پەیڕەوی خاڵەکانی (٢)و(٣) لە خشتەی (رسومات و سزا و بارمتەکان ) ئاماژە پێکراوی سەرەوە بکرێ وڵاتەکان ئەمانەن:

(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بەریتانیا ، چین ، روسیا ، ئوسترالیا ، نویزلەندا ، ژاپۆن ، کۆریای باشوور ، کەنەدا ، ئیمارات ، کوەیت ، قەتەر ، تورکیا ، ئێران ، لاتڤیا ، لیتوانیا ، لۆکسەمبۆرگ ،ماڵتا ، هۆڵەندا ، نەرویج ، پۆڵەندا ، پورتوگال ، ڕۆمانیا ، سلۆڤاکیا ، سلۆڤینیا ، ئیسپانیا ، سوید ، سویسرا ، نەمسا ، بەلجیکا ، بەرازیل ، بولگاریا ، کرواتیا ، قوبرس ، یۆنان ، چیک ، دانیمارک ، ئیستۆنیا ، فینلەندا ، فەرنسا ، ئەڵمانیا ، هەنگاریا ، ئەلبانیا ، ئیرلەندا ، ئایسلاندە ، ئیتاڵیا ، لوبنان ، فاتیکان ، لیخنشتاین ، شانشینی سعودی ، سەڵتەنەی عومان ، بەحرێن ، شانشینی ئوردنی هاشمی ) .

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی لەکاتی گەیشتن نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایک بوونی (عێراق)بوو و لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێدەدرێت و دەکرێت بمێنێتەوە و ئەو ماوەی پێویستی پێیەتی هیچ سزایەکی دواکەوتنی ناکەوێتە سەر .

**ماددەی (٢):**

١- کار بەهیچ نووسراو و بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٥٥٠١ لە ٢٠٢٤/٢/١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە گوندەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ زیاتر ڕووکردن لە گوندەکان بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵی و زیاتر فراوانکردن و ئاوەدانکردنەوەیان و نەهێشتنی گیروگرفتی گوندەکان و بە مەبەستی دانانی ڕێنماییەکی تایبەت بە فراوان کردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی فراوانکردن گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

١- **وەزارەت**: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان**: پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣- **گوند**: شوێنێکە کە کۆمەڵە خەڵكێك تێیدا دەژین و نیشتەجێن و کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون پێك دەهێنن و سنووری دیاریکراوی هەیە.

٤- **فراوانکردنی گوند**: فراوانکردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر زەوییان بۆ دیاری کراوە و پەسەندکراوە و شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی لەسەر نەخشە جێگای نەماوە بۆ ئەوەی خەڵکی گوندەکە خانووی تێدا دروست بکەن بۆ نیشتەجێبوون تێیدا بە بەردەوامی.

٥- **گواستنەوەی گوند**: گواستنەوەی شوێنی ئەو گوندانەی کە بەهۆی باری جوگرافی وکارەساتی سروشتی و پرۆژە ستراتیژییەکان یان هەر هۆکارێکی تر شوێنی گونجاویان نەماوە بۆ نیشتەجێ بوون.

٦- **هێنانەکایەی گوند**: ئەو گوندانەیە کە تا دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە واقیع بوونیان هەیە و لەسەر نەخشەی کادسترۆ نەچەسپێندراوە.

٧- **چەسپاندنی سنور**: دیاری کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە لەسەر نەخشە.

**ماددەی (٢): مەرج و ڕێکارەکانی فراوان کردن و گواستنەوەی گوندەکان**

**یەکەم: مەرجەکان:**

١- شوێنی پێویست نەمابێت بۆ نیشتەجێ بوون لەناو حەرەمی گوند.

٢- فراوان کردن و گواستنەوە لەسەر داواکاری (٢/٣)ی دانیشتوانی خەڵکی ڕەسەنی گوندەکە کە نیشتەجێن تێیدا.

٣- زەوی پێویست بەردەست بێت کە لەگەڵ حەرەمی گوندەکە هاوسنوور بێت بۆ فراوانکردنی حەرەمی گوند بە مەرجێك گونجاو بێت لە ڕووی تۆپۆگرافی بۆ نیشتەجێبوون.

٤- پێویستە زەوی پێشنیارکراو بۆ فراوانکردن لە جۆری بەردەڵانی بێت، لە کاتی نەبوونیدا دەکرێت سوود لە زەوی کشتوکاڵی وەربگیرێت.

**دووەم: ڕێكارەكان:**

١- پێشكەش كردنی داواكارییەكی هاوپێچ كراو بە واژووی (٢/٣)ی نیشتەجێ بووانی ڕەسەنی گوند كە شیانی یاساییان هەبێت لە ڕێگای موختاری گوند بۆ یەكەی كارگێری تایبەتمەند و پێویستە بەڵگەنامەی داواكاران (كارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری شارستانی) هاوپێچ بكرێت.

٢- یەكەی كارگێری تایبەتمەند داواكارییەكە بەرز دەكاتەوە بۆ پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند.

٣- لیژنەیەكی تایبەتمەندی بەردەوام پێك دەهێنرێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان بە سەرۆكایەتی جێگرێكی (پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ) و ئەندامیەتی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (كشتوكاڵ، نەخشەدانانی ئاوەدانی، ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێبوون، كارەبا، وەبەرهێنان، ئەوقاف و كاروباری ئایینی، گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری، شوێنەوار، نەوت و كانزاكان، گواستنەوە، فەرمانگەی ژینگە).

٤- لیژنەی بەردەوام بۆی هەیە مێواندار موختار یان سەرۆكی یەكەی كارگێری یان هەر كەس و لایەنێك بكات كە پێویست بێت.

٥- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە هەر ئەندامێكی دیكە كە پێویست بكات بۆ لیژنەی بەردەوام زیاد بكات.

٦- لیژنەی بەردەوام بەپێی پێویست كۆبوونەوەكانی خۆی ئەنجام دەدات وپێشنیارەكان بە(٣/٤)ی ئەندامانی لیژنە دەردەكرێت و لەلایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پەسەند دەكرێت

٧- پێویستە ئەندامانی ناڕازیبووی لیژنەی بەردەوام یاداشتی ناڕازیبوون بنووسن و سەرۆكی لیژنە هاوپێچی كۆنووس دەكات.

٨- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە كۆنووسەكە ڕەت بكات و بیگەڕێنێتەوە بۆ لیژنەی بەردەوام.

٩- پێویستە پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پێش پەسەندكردنی كۆنووس ڕاوبۆچوونی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی وەربگرێت.

١٠-ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا كارابێت كۆنووس ڕەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەكرێت بە مەبەستی دەنگدان و سەبارەت بە ئیدارە سەربەخۆكان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەكرێت.

١١-دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر پێشنیاری كۆنووسی لیژنە و بڵاوكردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە كە تێیدا ژمارەی زەوی فراوان بوونی گوندەكە و ژمارەی كەرت و ناوچەكەی تێیدا دیاری بكرێت بۆ ئەوەی هەر كە سێك تانەی هەبێت پێشكەشی لایەنی پەیوەندیدار بكات بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ.

١٢- دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا و بڵاوكردنەوەی پێشنیار لە دوو ڕۆژنامە، لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بەرز دەكرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ ب.گ.دیوان/ ب.كارگێری و سەرچاوە مرۆییەكان بە مەبەستی دەرچوواندنی بەیان ئەگەر گشت ڕێكارەكان ئەنجام درابن.

**سێیەم:** ئەگەر زەوی پێشنیارکراو کشتوکاڵی بوو و خاوەن زەوی (حق التصرف، گرێبەست و مولك)ی لەسەر بوو و خاوەنەکەی ڕەزامەند نەبوو ئەوا پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی کوژانەوەی بۆ دەکات بەپێی یاسا، و سەبارەت بە زەوی گرێبەست ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و حکومەت قەرەبووی خاوەن زەوی دەکاتەوە.

**چوارەم: بەڵگەنامە پێویستەکان:**

ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ کۆنووسی پەسەندکراو:

١- داواکاری نیشتەجێبووانی خەڵکی ڕەسەنی گوند کە لە لایەن موختاری گوند پەسەندکراو بێت.

٢- نەخشەی ڕەنگاورەنگی پەسەندکراو کە (ڕووبەر و کەرت و ژمارە)ی زەوییەکەی تیایدا دیاری کرابێت، بە سێ رەنگی جیاواز ئاماژەی پێ بدرێت کە ڕووبەری شوێنی پێشووی گوندەکە و واقع حالی ئێستا و شوێنی فراوان کردنەوەکەی تێیدا دیاری کرابێت.

٣- نەخشەی کوردینێت (احداثيات)ی زەوی لەسەر (CD) بێت.

٤- دەستبەرداربوون (تنازل)ی خاوەن زەوی یان خاوەن پشکەکانی زەوی کشتوکاڵی بە هەموو مافەکانی (حق التصرف و مولك) ئەگەر خاوەن زەوی رەزامەند بوو، و لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند پەسەندکراو بێت.

٥- پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگا (لەکاتی کارابوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان).

٦- وێنەی بڵاوکراوەی لە دوو رۆژنامەی رۆژانە.

٧- هەر بەڵگەنامە و نوسراوێکی فەرمی کە پێویست بێت.

**ماددەی (٣):**

فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ئەو گوندانە ناگرێتەوە کە دەکەوێتە ناو ماستەر پلانی شار و یەکە کارگێرییەکان و قەدەغەکراوەکانیان (محرمات).

**ماددەی (٤):**

١- ئەو گوندانەی کە تا دەرچوونی ئەم رێنماییە بوونیان هەیە و لەسەر پارچە زەوییەك دروست کراون و گوندنشینان تێدا نیشتەجێن، هێنانەکایەی بۆ دەکرێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە هاتووە.

٢- هیچ گوندێك دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە هێنانەکایەی بۆی ناکرێت.

**ماددەی (٥):**

١- ئەم رێنماییە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی وقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی رێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و هەردوو هەموارەکەی بە هەردوو بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و (١٧)ی ساڵی ٢٠١٨ .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٣٠٩ لە ٢٠٢٤/١/١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و هەموارکراو بە بەیانمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەموارییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی (٩) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی (٤) لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە :
**پێویستە لە سەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیل ئەو ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەربوونی ماوە (١) ساڵ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆمار بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا ، ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل دەگرێتەوە**

**ماددەی (٢):**

١- کار بەهیچ نووسراو و بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.
٢- ئەم ڕێنماییە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٣٩٦٧ لە ٢٠٢٤/٢/٢٦**

پاڵپشـت بە حوکمەکانی مادده (سـی و پێنجەم / بڕگەی دووەم) و ماددەی (پەنجایەم) لە یاسـای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کورد ستان ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣٤٣) لە ٢٠٢٤/٢/١٣ ، لەسـەر پێشـنیاری ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسسپۆرایەتییەکانی پزیشکی ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**رێنمایی هەمواری یەکەمی رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێشەکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و راهێنانی بۆردی پزیشکی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆریەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی (شـەشـەم /خاڵی أ) لە رێنمایی ژمارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٢٣ی پێشـەکەشـکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و راهێنانی بۆردی پزیشـکی لە ئەنجومەنی باڵای کوردسـتان بۆ پسـپۆریەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ بەم شێوەی خوارەوە :

زیادکردنی ژمارەیەک کورسـی لەچە ند پسـپۆرییەکی جیاواز لە دەرەوەی پلانی پەسـندکراو لەلایەن وەزارەتمان بەم شێوەیەی خوارەوە :

- زیادکردنی تەنها (١) یەک کورسی خوێندن بەشێوازی پاراڵێل لە پسپۆری (نەشتەرگەری جوانکاری) .
- زیادکردنی تەنها (٢) دوو کورسی خوێندن بەشێوازی پاراڵێل لە پسپۆری (میزەڕۆ) .
- زیادکردنی تەنها (٢) دوو کورسی خوێندن بەشێوازی پاراڵێل لە پسپۆری (هەناو) .
- گۆڕینی تەنها (٢) دوو کورسی خوێندن لەشێوازی پاراڵێل بۆ شێوازی خۆرایی لە پسپۆری (پزیشکی فریاکەوتن) .
- زیادکردنی تەنها (١) یەک کورسـی خوێندن بەشـێوازی خۆرایی بۆ هەریەک لە بازنەکانەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ، هەروەها زیادکردنی تەنها (٢) دوو کورسـی خوێندن بەشـێوازی پاراڵێل بۆ بازنەی پارێزگای هەولێر و تەنها (١) یەک کورسی خوێندن بۆ هەر یەک لە بازنەکانی پارێزگای سلێمانی و دهۆک لە پسپۆری (نەخۆشیەکانی چاو) .

**ماددەی (٢):** کار بەهیچ رێنمایی و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم رێنماییە ناکۆک بێت .

**ماددەی (٣):** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردسـتان) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**هۆیەکانی دەرچوون**

لەپێناو رەخسـاندنی دەرفەتی درێژەدان بە خوێندن و راهێنانی بۆردی پزیشـکی لە ئەنجومەنی باڵای کوردسـتان بۆ پسـپۆرایەتییەکانی پزیشـکی بۆ سـاڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) ، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم رێنماییە دەرچوواند .

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ٤٢٢٩ لە ٢٠٢٤/٢/٢٨**

پاڵپشــت بە حوکمەکانی(ماددەی پەنجایەم)لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردســتان-عێراق ژمارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و کۆنووســی دووەمی کۆبوونەوەی لیژنەی بڕگەکان بۆ پاشـکۆی کۆبوونەوەی ژمارە(٣)ی سـاڵی (٢٠٢٣)ی (ئەنجوومەنی وەزارەت)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی هەمواری حەوتەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری هەشتەمی ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەمواركردنەوەی( ماددەی ٢/بڕگەی دووەم/ خاڵی ٢و٣)لە ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی ماســتەر و دکتۆرا ، و هەمواركردنەوەی(تەوەری یەكەم/ خاڵی٢)لە ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ســاڵی(٢٠١٩)ی خوێندنی ماســتەر ، و هەمواركردنەوەی(تەوەری یەكەم/خاڵی٣/أ)لە ڕێنمایی ژمارە(٦)ی ســاڵی(٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا و هەموارکردنەوەی(تەوەری یەکەم/خاڵی٢)لە ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر ، و هەمواركردنەوەی(تەوەری یەكەم/خاڵی٣)لە ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی(٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە :

(تەنها قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بەشـەکانی کۆلێژی زانسـتە ئیسلامیەکانی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردســتان ، ڕێگەیان پێ دەدرێت بەبێ مەرجی توانســتی زمانی ئینگلیزی تاوتوێی ماســتەرنامە و تێزی دکتۆرا ئەنجام بدەن بەڵام لە لایەن زانکۆکان بڕوانامەیان پێ نابەخشــرێت تاوەکو ناوبراوان مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر دەکەن)

**ماددەی (٢) :** کار بە هیچ ڕێنماییەک یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت

**ماددەی(٣):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســتان) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە,

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشــتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماســتەر و دکتۆرا لە بەشــەکانی کۆلێژی زانستە ئیسـلامییەکان لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردسـتان و بە مەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسـەی خوێندنی باڵا لە بەشــەکانی ئاماژەپێکراو لەســەرەوە ، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٥٥٠٠ لە ٢٠٢٤/٢/١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە (٢٩٢ لە ٢٠٢٤/٢/٧) و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٠٩٣٥ لە ٢٠٢٣/٧/٣١) سەبارەت بە ترازاندن و لکاندنی ناحیەی (باتێل) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیاردرا بە:

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ترازاندن و لکاندنی ناحیەی (باتێل)**

**یەکەم** : ترزاندنی ناحیەی باتێل بەهەمان سنووری ئێستای لە قەزای سێمێل/پارێزگای دهۆک لە ڕووی کارگێرییەوە و لکاندنی بە قەزای ناوەندی زاخۆ/ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**دووەم** : ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونی ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەی سەرۆک وەزیران لەڕێکەوتی (٢٠٢٤/٢/٧)و کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٤٧٧٦ لە ٢٠٢٤/٢/١٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە**

**ماددەی (١):**

لێخۆشبوون لە گشت پارێزەرو کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە و ڤیزە و کۆمپانیاکانی دیکە ئەوانەی کۆدی ڤیزەیان ڕاگیراوە بەهۆی یەکلایی نەکردنەوەی چارەنوو سی ئەو کە سە بیانییانەی کە لەسەر ناویان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٥٠%) لەو بڕە پارانەی کە لەسەر کۆدیان کەڵەکەبووە .

**ماددەی (٢):**

پێویستە لەسەر گشت خاوەن کۆدەکان لەماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەدەرچوونی ئەم بەیانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە بکەن لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی پێدانی ئەو بڕە پارانەی کە لەماددەی (یەکەم)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە .

**ماددەی (٣):**

ئەگەر خاوەن ئەو کۆدانە دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ پاکانەی ئەو بڕە پارانەی کە لەماددەی (یەکەم)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە نەکات ، ئەوا کۆدەکانیان بە شێوەی یەکجاری دادەخرێت و بڕی ئەو بارمتانەی کە بەرامبەر وەرگرتنی کۆد داناوە دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی هەرێم .

**ماددەی (٤):**

خاوەن ئەو کۆدانەی ماددەی (سێیەم)ی سەرەوە کە خۆیان یەکلایی نەکردەوە ئەوا دەنێردرێن بۆ (فەرمانگەی جێبەجێ کردن ) لە وەزارەتی داد بە مەبەستی پێدانی جیاوازی لەنێوان ئەو بڕە پارانەی کە کراوە بە داهاتی کۆتایی کە لە ماددەی سێیەم ئاماژەی پێدراوە و ئەو بڕە پارەیەی کە لە گرێبە ستی پێدانی کۆدی ڤیزە لە ئەستۆیان دەمێنێتەوە کە بۆ هەر کەسێکی بیانی کە چارەنووسی نادیارە پێویستە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بدات .

**ماددەی (٥):**

خاوەن ئەو کۆدانەی کە بەپێی ئەم بەیانە خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کۆدەکانیان ئاسایی دەکرێتەوە و دەتوانن کاری خۆیان دەست پێبکەنەوە و تەنیا بۆ یەکجار سوودمەند دەبن لەم لێخۆشبوونە . لە ئەگەری نادیاربوونی چارەنووسی کەسی بیانی کۆدەکانیان بەپێی ڕێنمایی ڕادەگیرێت .

**ماددەی (٦):**

ئەو بڕە پارانەی کە لەم بەیانە ئاماژەی پێدراوە دەخرێنە سەر ئەژمێری تایبەت بە ڤیزە .

**ماددەی (٧):**

ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە کۆدە کانیان تا (٢٠٢٣/١٢/٣١) ڕاگیرابوو و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٦٤٧٦ لە ٢٠٢٤/٢/٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٦) بڕگەی (١٣) و ماددەی (٢٦) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤٢٣) لە ٢٠٢٣/١٢/٢٤ و فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٥١) لە ٢٠٢٤/١/٣١ دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٠٦٩٧ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦) و هەردوو نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٩٤٦٠ لە ٢٠٢٣/٨/٣٠) و ژمارە (١١١٩٨ لە ٢٠٢٣/١٠/٥) و بریاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٥٠ی ساڵی ٢٠٢٣) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیاردرا بە:

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی قەزای (هەریر)**

**یەکەم** : هێنانە کایەی قەزای (**هەریر**) لەسنوری پارێزگای هەولێر بە هەمان سنوری ئێستای ناحیەی (هەریر).

**دووەم** : پچراندنی ناحیەی (باسرمە) لە قەزای شەقڵاوە و لکاندنی بە قەزای هەریر.

**سێیەم** : ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/٣١) وە کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (٣٦) بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- زیادکردنی بەرگری شارستانی لە هەیکەلی وەزارەتمان بەم شێوەی خوارەوە .

١- کردنەوەی بەشی بەرگری شارستانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بەڕێوەبەرایەتی کردە پزیشکیەکان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی

٢- کردنەوەی هۆبەی بەرگری شارستانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکان ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک – هەڵەبجە – گەرمیان – ڕاپەرین – کۆیە – سۆران – زاخۆ) .

٣- کردنەوەی یەکەی بەرگری شارستانی لە گشت نەخۆشخانە و سنتەر و بنکە تەندروستیەکان .

- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت .

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (یاسایی) لە پەیمانگای پزیشکی دادوەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی سەنتەری (هیمۆفلیا) لە ناو نەخۆشخانەی نانەکەلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی ( بەشی سەنتەرە پسپۆڕیەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری چارەسەری سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٩.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٨٠٤ لە ٢٠٢٤/١/٣١**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی پێدرا ندراوە لە  ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی  کارو کاروباری کۆمەڵایەتی  ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

١- هێنانە کایەی (اســتحداث) کردنی ( پەیمانگای هیوای  نابیســـتان گەرمیان/لقی کفری ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کفری) بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی دەڤەرەکە

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەســـەر دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١٤٩٣ لە ٢٠٢٤/٢/٢٦**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی پێدرا ندراوە لە  ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی  کارو کاروباری کۆمەڵایەتی  ژمارە (١٢)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ، و پاڵپشــت بەنووســراوی ئەنجومەنی وەزیران / ســەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٤٢٠٢) لە ٢٠٢٤/١١/٢ ، بڕیارماندابە :

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

١-  هێنانەکایەی (اســتحداث) کردنی ئەم بەشـــانەی لەخوارەوە هاتوون لەســـەر میلاکی وەزارەتمان / بەرێەبرایەتی گشـــتی چاودێری گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک / بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سێمێڵ لە پارێزگای دهۆک .

أ-  بنکەی ئۆتیزم لەناوەندی قەزای ناوبراو .

ب-   بنکەی داینگە لە سنووری قەزای ناوبراو .

ج-بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ ناوەندی ناحیەکانی (باتێل ، قەیدێ ، خاشکێ) .

٢-  ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەســـەر دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**مرسوم إقليمي**
**رقم (٥٠) لسنة ٢٠٢٤**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (ثانياً) من المادة (العاشرة) من قانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، رسمنا بما هو آتٍ:

**أولاً:** يحدد يوم ٢٠٢٤/٦/١٠ موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان - العراق لدورته السادسة.

**ثانياً**: على الجهات ذات العلاقة التعاون والتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات لتنفيذ هذا المرسوم.

**ثالثاً**: ينفذ هذا المرسوم من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**نيچيرڤان بارزانى**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٣/ ٢٠٢٤/٣**